# خەون

لەخەودا لەناو کومەڵگەیەکدا دەژیام گشت گیانیان گزی و دزی و خۆپەرستی و تەوەزەلی و باڵبڕی و زماندرێژی و کورتبینی و بوودەلەچی و شانازیشیان دەکرد. کە ئەوان باشترین هەڵبژاردەی کومەڵگەی سەرزەوین، هەر لەو خەودا گیانم فڕی چەندین بیابان و رووبارو دەریای بڕی لە گولستانێك نیشتەوە تارییەکانی هەریەکە و لەئاستی خۆیەوە ئەو پەڕی چالاکی کارا، کەم خۆر و زۆر رەنج بوون، راست و پاك و دووربین و پڕ تەوژم خۆبەختکار و گەڵویست و پەروەر بوون، کەژی دەگریان و بێ حەجمان و دەم بەهاوار پتر چالاکتر رابین دوا کەوتووین لەم کاتەدا لەم بووڵێلەدا گیانی شەکەتی تەزیوی هەمینی دایکم بانگی کردم رابە رابە، رابوون دەرمانە.

٢٠٠٨\١١\٣